# بەشی یەکەم
# لە ئەزموونی ژیاندا

## ١

ئێستێشی لەگەڵدابێ سەرچاوەی ئەشق بە رابردوو کوێر نەبۆتەوە، پێشم وا نییە وەها زوو مـرۆڤ دەسـتبەرداری خەزنـەی رابردووەکـانی خـۆی بـێ، مەرج نییە رابردوو شیرین بـێ تـا خـەڵکی هێنـدە عـەودالێیان بێـت، بـەلاّم داهاتووەکانی مرۆڤ وا دەکات کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ ئەو رابردووانە هێندە بە گوورِ بێت. لەجیهانی هەر نووسەرێکدا منداڵی وەك لەشکرێکی پڕ جوانی رووپەرێکی گـەورە داگیردەکـات، زۆر جـاران نووسـینەوەی ئـەو هێرشـەی

ماڵە هەژارەکان بۆ کۆکردنەوەی سەموون و خواردن دەچوونە ناو ئۆردی. ئیدی لەوێ نمایشی سەربازی خۆش خۆش ئەنجامدەدرا، ئەوکات ئۆردی لە دەرەوەی هەولێر بوو وەك بەهارستانێك وابوو، بەلاّم داخی گرانم کە گەورە بووم خوێنی رۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆم بینی چۆن لەو بەهارستانەدا هەڵدەڕژاو بەسەریە لەسێدارەیان دەدان.

٦

رۆژێکیان هەموو منداڵانی گەڕەك کۆبووینەوە ((نایف تیوتیو و جەوهەرو پوتەو قەللاجو رەوفە درێژو عەبدوڵلاّ سلێمان وەلید زاریۆ تەحسینە قووت و عارفە خیلۆ عەلیکۆو یاسین و سەعۆو کامیل و سالاری کێشکە کوژ... هتد. بە ئەقڵی منداڵانەی خۆمان بڕیارماندا شار بەجێبهێڵین و روو بکەینە ناو شاخان، ئەوکات هەولێر زۆر چۆڵ بوو بەهەمان ئەو کەسانەیان دەگووت– ئەشقیا– کە لەدژی رژێمی ئەوسا رویان لەشاخ دەکرد یاخود دەیانگوت چووینە ناو کۆمەرەی، ئیدی بەڕێکەوتین تا گەیشتینە ناعوری زەمینێکی کشتوکاڵیەوە زۆر چۆڵ بوو بۆ ماوەیەك ماینەوە ئێوارە داهات بە ناچاری گەڕاینەوە گوایە شارمان جێهێشتووە، ئیدی ئەشقیاکان گەڕاینە شار کەهەرگیز نەچووبووینە دەرەوە.

٧

من هەر لە منداڵیەوە هاودەمی گۆڕستان بوویم، چونکە گۆڕستانێکی گەورە بەناوی– قەبرستانی مەلا رەشید– لە نزیك ماڵی ئێمە بوو، چەندین

سەرەدوەکەوتین‌و تاریکەشەوبوو... ئەگەر ئەسپ چاوی هێندە بەهێزنەبوا قەت نەیدەتوانی بەسەر ئەو شاخانەدا هەڵگەڕێ، شوێنی واهەبوو ئەگەر نیوسانتم ئەسپ پێی بەهەڵە هاوێشتبا هەمووماں هەپڕون بەهەپڕون دەبووین... بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەسپ وەك ئەوەی لەناوساماڵێکی شیندا بڕوا ئاوا بوو هەرگیز هەڵەی نەدەکرد... هەموو لووتکەکانی دووروبەریش بە رەبایەی دوژمن‌و داگیرکاران پڕبووبوونەوە , ئێمە دەق لەمیانی رەبایەکاندا رەت دەبووین... رێژنەیەك بەس بوو بۆ لەناوچوونی هەمووماں... بەهەر حاڵ لەخۆرائاوابوونەوە تا نیوشەوێکی زۆر درەنگ گەیشتین بەسنوورە دورەکانی دەرەوەی دەسەلاتی رژێم‌و نۆرەی حەسانەوە هات... ئەو شوێنەی کە لێ ی دابەزین وەك ئەفسانە وابوو... بەهەزاران هەزار مەشخەڵ لەناو ئەم کێوەدا دەیانجریواند، ئەم شوێنە وێستگای هەموو قاچاخچیەکان بوو... هەر لەم وێستگایەدا بەسەدان کاروان یەکتریان دەکڕیەوە واتە ئێمە بێ ئەوەی بزانین بەهەمان ئەو کرێیەی کە دەماندا دەفروشراینەوەو دەکڕداینەوە. لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست .

دوای دوو سەعاتێك حەسانەوە... دوبارەکەوتینەوەڕێ، ئەورێیەی من گرتوبومەبەر دەچۆوە ناو دۆڵی بێداوان‌و دۆڵەتوێ کە کەوتبوە سەر انی سەردەشتی کوردستان ئێران ناوچەشاخاوییێکی عاسێ یە ئاسمان تەنها بەقەدسەری بیر دیارە... کاتێکی زۆرمان رێ بڕی‌و کە گەیشتینە لێوارەکانی دۆڵەتوێ رۆناهی وردە وردە لەگەلیە بەرزەکان بە دیاردەکەوت

ووتم كە گەیشتم بایێکی ساردی بارانێکی زۆر بوو، ئەو شەوەی کە گەیشتم یەکەم کەس کە بینیم بارزانی مەلا خالیدو بۆتان بوو... شەو لە دۆڵەتویَ ماینەوەو لە ماڵی سەید کاکە کە ئەوساڵەویَ نەبووو دابەزیبووە سەنگەرەکانی پێشەوە، بۆ بەیانی دوو ئەسپمان گرتو یەکیان بۆمنو ئەویتر بۆ خێزانەکەم ئەوسا تازە زرێڤان هەمووی دوو هەفتەوچەند رۆژیَ بوو لە دایك بووبوو... ئیدی بەرێکەوتین... لە وەرزی زستاندا ئەم ناوچانە یەك پارچە بەفربوون؟، دۆڵی خدراویَ ترسناکترین شوێن بوو، قاچاغچیەکە هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ئەگەر لەو دۆڵە رەتبین ئیدی ترسی بەفر نامینیَو لەهەرەشەی زریان رزگاریمان دەبێت، بەفر چەند لۆرییێکی سووتاوی داپۆشی بوو هێندە باری بوو، تەنها قاچاغچی دەیزانی ریَ لە کوێیە چۆن کوتەك دەشکێنیَ.

لە بەیانیەوە بەرێکەوتین بەرەبەرەی رۆژاوا گەیشتینە سەرسنوری گوندی میراوە، ئەوکات تۆزیَ وەستام بەدیار دۆکەڵی دوکەڵکێشەکانی ماڵان کەوتمە رامانەوە، وای چەند جوان بوو گوند غەرقی بەفر بووبوو... دوکەڵی سپی لە هەموو لاییێکەوە دەپرژایە ئاسمان، گوندی میراویَ خۆی لەناو سروشتێکی بەفراوی دا شاردبۆوە , هەر بە تۆزیَ وەستان بەرامبەر ئەم گوندە جوانەوە کە بە سەدان کیلۆ مەتر لە رۆحی شارستانیەتەوە دوور بوو , رژیمی شای پێشو و رژێمی ئێستای ئیسلامی ئێران گەماڕۆیان دابوو کەوتمە ناو وەسوەسەییکی شیرین , دیمەنێکی هێجگار دڵرفێن بوو، میراوە گوندێکی ناودارە لە کوردستانی ئێران ئەوەدەم حیزبی دیموکراتی

باندێکـــــه لەچـــــەند کەســـــێك کـــــەنیازی ڕۆژهـــــەلآت هەریەکـــــەی بەئامانجێکـــەوە شـــەتەك داوەو ڕێـــی خۆیـــان دەگرنـــە بـــەر بـــەرەو ئـــەوکانی شـــەوقەی کـــە ئـــەوان پێیـــان وایـــە لەڕۆژهەلآتـــدا دەیدۆزنـــەوە، ڕۆمانەکـــە بەشـــێوەیەکی ســـیحرامیز ڕەنگرێـــژی کـــاری پاڵـــەوانی خـــۆی دەکـــا, زیـــاتر حـــەزی هیرمـــان هیســـەو بـــۆ ئـــەڤینی ڕۆژهـــەلآت و فاتیمـــەی ڕۆژهـــەلآتی لەشـــێوەی حـــەج کردنێکـــە بـــەلآم لـــەناو تـــەکنیکێکی ئەنـــدازەیی بـــەهێزدا، ســـەرەداوەکانی تـــانوپۆی ئـــەم ڕۆمانـــە زوو زوو ون دەبـــن و دەدۆزرێنـــەوە... لەراســـتیدا مـــن بەعەشـــقی ئـــەوەوە ئـــەم ڕۆمانـــەم وەرگێـــڕاوە، کـــە بـــزانن نووســـەرانی دونیـــا زۆرن بـــە ئومێـــدی ئـــەوەن کـــە ڕووەو سەرچـــاوەکانی ڕۆژهـــەلآت بەرێکـــەون و بابـــەتی نووسینەکانی خۆیان بدۆزنەوەو بەشاکار دەرببڕن...

لەراســـتیدا هیرمـــان هیســـە لەزۆربـــەی ڕۆمانـــەکانی بـــەدوای ئـــەو (کاســـتالیایە)دا دەگـــەڕێ کـــە لـــەڕۆمانی گەمـــەی کەلاشوشـــەکاندا باســـی دەکـــات، لـــەوێ کاســـتالیایە لەســـەفەری ڕۆژهـــەلآت فاتیمـــەی ڕۆژهەلآتـــەو لەســـیدهارتا ڕەنگرێـــژکردنێکی بودایيـــەو ئـــاواش بـــاقی لـــە ڕۆمانـــەکانی تریـــدا , ئـــەو ڕۆمانـــەی مـــن وەرمگێـــڕاوە ڕۆمـــانێکی زۆر گرینگـــە بەداخـــەوە کـــەمی لێ چـــاپکراو زۆربـــەی خوێنـــەران نەیانـــدیوە، بـــەلآم تەمام وایە کە لەهاتووێکی نزیکدا چاپی دووەمی بکەمەوە.

دواجــاریش بـــەر لەســـەرهەڵگرتنیو جێهێشـــتنی فەڕەنســا (فـــرلین)ی لەبارێکـدا بینــیو بـیٚ چـەندو چـوون گـوتی دەسـتت بخـەرە سـەرمێزیەك دەرنافیســی لەدەســتی داو خــوێنی بازرقــەی کــردو لــەوێوە ئاســۆی شــیعری رامبــۆ کوژایــەوەو ئێــدی بــبڕای بــبڕ نەگەڕایــەوە فەڕەنســاو کەڵکەڵــەی گــەڕانو ســوڕانو ســەفەر جێــی منــداڵێتی شــیعری گرتــەوە پاراســتنی جێــی محــاڵ گــیری گرتــەوە، ســنووری وڵاتــانی بــڕی رۆحــی پڕاوپــڕی شــیعری خــۆی بەسەرکێشــیو بێهــودەیی گۆڕیــەوە، زەمــەنی ئــەوە بەسەرچــوو بتــوانین بــە (تەئــەممول) شــیعرێکی گــەورە بنووســین، زەمــەنی ئــەوە هــاتوو بەشــیعر (تەئــەمووڵ)ێکــی گــەورە خــەڵق بکــەین، لەتەئەممولـــدا ئەندێشـــەی دەســـتگیرکردنی وێنەیـــەك، حەقیقـــەتێك، جەســتەیەك دەکــەین، کــە هاتــەدی مــەودا بــۆ شــیعر نــامێنیٚ، بــەڵام لەشـــیعردا ئەندێشـــەی رەهـــا بـــوونو مـــەحاڵو غـــەیب دەکـــەین کـــە هـــەرگیز بـــۆ شـــاعیر نایەتـــە دیو مـــەدوا بـــۆ شـــیعر بـــەکراوەیی دەمێنێتــەوە، بــەردەوام والــە، ئــەو شــوانەی کــە عاشــقی خــودا بــوو و لەپـــەنا بـــەردێکا هـــەموو خۆرائـــاوا بوونێـــك خـــۆیو جـــامیٚ شـــیعر دەوەســـتاو چــاوەڕوانی خــودای دەکــرد، بــەڵکو بێــتو قــوڵمیٚ شــیر بخواتــەوە، شــاعیرێکی گــەورە بــوو، بــەڵام ئــاخ بەشــیعر ئــەو کــارە ئێســتاتیێکیەی ئــەنجام نــەدا، چــونکە ئــەوە مــەحاڵخوازی بــوو، هەســتی پــیٚ نــەدەکرد، مەڵــەکردن بــوو لــەناو جــوانی شــیعر بەهــەرحاڵ

هێشــتاکەش نــازانین، دەریــا قــوڵترە یــا رۆحــی مــرۆڤ، شــیعر تــا

زیندوو راگرت بەو بەرهەمە، نیشتمانپەروەری شاعیران و ئەدیبان لەوەدایە شاکاری گەورە گەورە بۆ نەتەوەکان جێبهێڵین، مەبەستم ئەوەیە بڵێم داهێنان کارێکە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، تایبەت نییە بەجوگرافیاییێکی دەستنیشانکراوە.

٣١

ناکرێ بڵێین ئەرکی زمان لەشیعردا چییە، چونکە شیعر واتە زمان، زمان لەشیعر دابڕێ شتێ نامێنێتەوە بڵێین چۆن زمانێکی دەبێ لە شیعردا هەبێت، پێم وایە هەندێجار بەزمانێکی سادە شاکارێکی گەورەی شیعری دروست دەبێ، هەندێ جاریش بەزمانێکی قورس و تۆکمە جۆرە شاکارێکی دیکەی شیعر خەلق دەبێ، زمانی (سەعدوڵلا پەرۆش و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵلا پەشێو) زمانی سادەن، بەلام شیعری نایابیان خولقاند، هەرواش زمانی (شێرکۆ بێکەس و رەفیق سابیرو ئەنوەر قادر محەمەد) زمانێکی قورسترە، بەلام بەرهەمکی نایابیشان خولقاندووە. زمان بۆ شیعرو خولقاندنی کاریگەری چ سادو چ قورس وەستایی و کارامەیی دەوێت، زمان پێویستی بەشێلانێکی عەجیب هەیە لەناو شیعردا، واتە گەمە کردن بەزمان، دروستکردنی مانا قووڵەکان بەوشە، خەتقکردنی کاریگەرێتی لەرێگەی موفردە پێویستیان بەئەشق و رۆشنبیری هەیە.

٣٢

لەراستیدا من پێم وانییە شیعری تاراوگە بە مانای راستەقینەی خۆی تائێستا لە ئەدەبی کوردیدا سەریهەڵدابێ، حەزدەکەم ئەوە بزانی کاتێک

# دەسەلاَتی ئەدەبو تیوری ئەدەب

دەسـەلاَتێکی شـەرعی و گـەورەترە لەدەسـەلاَتی سیاسـەت، چـونکە دەسەلاَتی ئەدەب زەرورەتێکی ئینسانی وویـژدانی رسـکاندوویەتی، بـەلاَم زۆر جاران دەسەلاَتی سیاسـی دیکتاتۆریـەت و بالاَدەسـتی چـینێك بەسـەر چینێکەوە دروسـتی کـردووە، لـەناو ئـەپارتمانی دەسـەلاَتی ئەدەبـدا هـیچ رۆحێکی دڕندانە وپیاوکوژانە لەئارادانییە وتەنیا گۆرانی هەیـە بـۆ ژیـان و خۆشەویسـتی وعیشـق وپـاکی، بـەلاَم لـەناو گرتووخانـەکانی دەسـەلاَتی سیاسیدا زۆر جاران چەوساندنەوە وپیاوکوژی وبێ مروەتی لەئارادا هەیـە، بۆیە مرۆڤ هەندێ جـار لـە ئاسـت پرسـیارێکی ئـاوادا دەبـێ زۆر دابمینـێ، دەسەلاَتێکی سیاسی شۆڕشگێڕ ومرۆڤ دۆست دەبێتە مایەی خۆشەویسـتی دەسەلاَتی ئەدەبی کە ئەوەشیان هـەر لەخانـەی سیاسـەتەوەیە... ئەگـەر سەیری داهێنەرانی دنیا بکەین دەبینین زۆریان لەکاری سیاسیش ئـەرکیان هەبووە. پێم وانییە مۆدێرنیزمەکان داخوازیان هەبێ و ئـەم داخوازیانـە لـە چـەند خالَێـك کۆبکەنـەوە، بـەلَکو چـەند زەروورەتێکـی رۆحـی هەیـە مۆدێرنیزمەکان پێیان وایە لـە رێگـەی داهێنـانی خۆیانـەوە دەبـێ بیگـەنێ وحالَەتەکانی ناو دەقی داهێنانی خۆیانیان پـێ پڕبکەنـەوە.... یـەکێ لـەو زەروورەتانـــەی کـــە مۆدێرنیزمـــەکان هـــەولَی بـــەدیهێنانی دەدەن، هێنانەکایەوەی دەقێکی فیکری وئەدەبی زۆر بالاَیە تا خۆیان پـێ لەبەر لـە خۆیان جیـا بکەنـەوە ونـەمری بـۆ خۆیـان وەدەسـت بهێـنن.. ئێسـتەتیکا

داخوازی مۆدێرنیزمت نییـه، چـونکه تـا سـهلهفیهکانیش دهیانـهوێ لـهژێر پهردهیهکی ئهستهتیکیدا خۆیان بهدرهوشاوهیی نیشان بدهن، ئهستێتیکا بهشێکی ههره گرینگی ئـهدهب ودهق وفیکـره کـه بـهبێ ئهسستهتیکا نـه دهق دینامیکهتی خۆی دهپارێزێ ونهفیکر رۆحـی ئیقنـاع کردنـی ههیـه... لهئـهدهبی کوردیـدا مـۆدێرنیزم ومۆدێرنیزمیـهت ههنـد زۆر بـووه تهنانـهت لهرێگــهی ئیدعاکانــهوه زۆر جــاران خوێنــهر ههســت دهکـا کـورد هــهر سهلهفیهتی نهبووه، بهڵکو لـه ئهزهلـهوه مـۆدێرنیزم بـووه... مـن بۆخـۆم دهڵێم مۆدێرنزمیهت ئهوهیه تـۆ بتـوانی بهرههمـهکانت ئاوێنـهی بالآنومـای شارستانیهت و مرۆڤایهتی وبالآیی بێ و لهم رووهوه موساهەماتت ههبێ... ئێمه به ئهقڵیهتێکی کشتسازییهوه ناتوانین مۆدێرنیزم بین.

دارِشـتن و خولّقاندنـەوەی ئەفسـانە دەبـیٚ، ئـەگینا خولّقانـدنی دەقیٚکـی داهیٚنەرانە تا ئەگەر بەر لەو دەقەش نموونەی هەبوو بیٚ، ئەوا هەر خولّقانە بۆ یەکەمجار، بۆ نموونە ئەگەر بمەویٚ – شالیر– ی شەکسپیر بنووسمـەوە ئەوە ئەگەر وەك داهیٚنەریٚك شتیٚکی تازەی لەسەر بونییات نەنیٚمـەوە پیٚـی ناگوتریٚ خولّقاندنەوە، بەلّکو پیٚی دەگوتریٚ لاسایی کردنەوە، بەلاّم ئەگەر هاتوو بەدیدگایەکی تازەوە (شالیر)م دروست کرد، ئەوە عەینی خولّقانە بۆ یەکەمجار. خاسیەتی خۆی هەیە وجیایـە لەشـیعریٚ کـە پەیوەسـت نـەبیٚ بـەدراماوە... کـە دەلّـیٚم شـیعری درامـی واتـە ئـەو شـیعرە فیعلـی درامـی تیٚدابیٚ.... چەند ئەزموونیٚك هەن لەناو ئەدەبی کوردی کە شـیعری درامـی تیٚدا خولّقاوە.... شیعری درامی پیٚویستی بەدروسـت کردنـی دەنگـی جیـا جیا هەیە لەناو یەك ڕووداودا، هەلّبەت شیعری درامـی لـە ئـەدەبی کـوردی دەگمەنە، هەندیٚ شیعر درامای خۆیـان هەیـە، بـەلاّم لەپشـتی خویٚندنـەوە دان نەك لەناو خودی شیعرەکە، واتە سروتی درامیـت بـۆ دەخـولّقیٚنیٚ بـیٚ ئەوەی خاسیەتی درامیان تیٚدا بیٚ، شیٚرکۆ بیٚکەس شیعری درامی نوسیووە خۆم لە دیوانی ووردە گەلاّ شیعری درامیم نووسیوە پیٚویستی بە شارەزایی هەیە لەدروست کـردن وبـەرەو ترۆپـك بردنـی ڕووداوەکـان و دروسـتکردنی خەتی تراژیدی وکۆمیدیا وباقی مەسەلەکلنی دیکـە، (مـەحمود زامـدار) لـە (کۆمیـدیای کەرایـەتی)دا درامایـەکی خـەمبار وتراژیدیایـەکی خـەمباری دروست کردووە، لە(دەردەکورد) توانیویەتی ئەم بیرۆکەیـە بـەرەو ترۆپـك ببات ودراما دروست بکـات، دەتـوانین بـاس لەنموونـەی درامـی بکـەین لـە

